**گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم سەرۆکی مەکتەبی‌سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

# سەبارەت بە بڕیاری گرتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب

**ئۆکتۆبەر: لە بەیانێکدا حیزب رایگەیاندووە کە لە چەند مانگی ئایندەدا کۆنگرەی چوارەمی خۆی دەبەستێت. ئایا ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی ئاساییە یان نائاسایی؟ بەبڕوای تۆ زەرورەتی بەستنەکەی و گرنگترین ئەرکەکانی چین؟**

سامان کەریم: بە بڕوای من کۆنگرەی چوارهەمی حزب، کۆنگرەیەکی ئاساییە لەباری کاتی بەستنی کۆنگرەوە بەپێی ئصوڵی ریکخراوەییو بڕیارە حزبیەکانمان ولەمبارەوە کۆنگرەیەکی ڕۆتینە. بەڵام ئەم کۆنگرەیە زەرورەتێکی گرینگی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، پێویستی بە رابەرییەکی جێگرو جێکەوتە هەیە کە بتوانێت بەوێنەی فۆنکسیۆنێکی رابەری حزب کاروباری رابەری خۆی پراتیك بکات. بەداخەوە رابەری ئێستای حزب لەم تایبەتمەندییە حزبییە کە هەموو حزبیکی سیاسی هەیەتی بەهرەمەند نیە. من پیم وایە، کە گرنگترین تەوەرەیەك کە کۆنگرەی داهاتوومان جیبەجێی بکات، دابینکردنی رایەرییەکە کە بتوانیت فۆنکسیونی رابەری حزب بەشیوەیەکی جێگر ریکخراو بکاتو بەم پێیەش دەتوانیت گشت فۆنکسیونە رابەرییەکانی دیکە لە کۆمیتە مەحلیەکانەوە تا دەگاتە کۆمیتەی شارەکانو ناوچەکان ریکخراو بکات لە سەرتاسەری عێراقدا. ئەگەر ئەم زەرورەتە ڕۆشن بێت، ئەوکاتە دەتوانین بلێین کە کۆنگرەی چوارهەم، لەهەمانکاتدا کۆنگرەیەکی نائاساییە بۆ دابینکردنی ئەو زەرورەتە.

**ئۆکتۆبەر: هاوکات لەگەڵ خۆئامادەکردنی حیزب بۆ بەستنی کۆنگرەی (4) لەملاشەوە لە کوردستان پرۆسەی ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەرێکەوتووە، ئایا ئەم دوو کارە هاوزەمانە ناکۆکییان پێکەوە نییە وە هیچ ئالۆزییەك دروست ناکات؟**

سامان کەریم: ئەوە دروستە کە ئیمە لە کاتیکدا خەریکین دو پرۆسەی سیاسیو رێکخراوەیی جیاواز دەبەینە پێشەوە، بەلام تا ئێستا هەر دوو پرۆسەکە لە نێو یەك حزبدا دەچیتە پێشەوە بەپێی بڕیاری ئەو حەرەکەت دەکات. بۆیە لەباری ریکخراوەییەوە من کۆسپێك نابینم لەمبارەوە. واتە گشت ئەو هاوڕێیانەی کە ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقنو بەشدارن لە پرۆسەی پێکهێنانی حزب لە کوردستاندا، دەتوانن بەشداری بکەن لە پرۆسەی ئامادەکردنی کۆنگرەی چوارهەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا، لەباری دەنگدانو خۆهەلبژاردنو نوینەرایەتی کردنەوە. ئەمە لایەنێکە لە پرۆسێسەکە کە لایەنی رێکخراوەیی دەگرێتەوە، بەلام ئەم پرۆسەیە هەروەکوو ووتم لایەنی سیاسی هەیە، لەمبارەوە دیقەتکارییەکی پێویستە بەتایبەت لە ئاستی رابەری حزبدا. بمانەوێت یان نا بەشێك لە رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە نیو رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا دەبنو لەوێ کارو هەڵسورانی سیاسی خۆیان دەبەنە پێشەوە، بەم پێیە دەیانەوێت لە رابەری حزبی عێراقدا نەمێنن. ئەمەشیان لایەنێکی مەسەلەکەیە. بەلام ئەوەندەی من بیری لێدەکەمەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئالۆزییەك دەبینم، پێم وانیە ئالۆزییەکە لەناکاوو حساب بۆنەکراوە، بەڵکو قابلی ئەوەیە کە تەجاوزی بکەینو تێیپەڕێنین. بەتایبەت بەپێی ئەو هەنگاوانەی کە کۆمیتەی ئامادەکاری پێکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕایگەیاندوە بۆخۆی کە جێبەجێی بکات پێش بەستی کۆنگرە یان پێش ڕاگەیاندنی حزب، کۆمەلە کارێکە کە ماوەیەکی پێویستە،

لەمبارەوە کۆنگرەی چوارهەمی حزبی عیراق بەم مانایە پێش دەکەوێت لەباری زەمەنییەوە، ئەوکات بەبروای من ئالۆزییەکان کەمتر دەبن‌و لەهەمانکاتدا پێویستە بەنەخشەوە ڕوبەڕوویان ببینەوە. چونکە ڕابەری حزبی عیراق کە بەشێکی بەرچاوی دەڕوات‌و حەتمەن کاریگەری دەبێت لەسەر حزبی عیراق‌و رابەرییەکەی ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی سیاسی رۆشن‌و بەنەخشەوە ڕوبەرووی نەبینەوەو چارەسەری بۆ دانەنێین.

**ئۆکتۆبەر: چ چاوەڕوانیەکتان لەم کۆنگرەیە هەیە؟ بەڕای ئێوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەدوای کۆنگرەی چواردا دەبێ چۆن بێت؟**

سامان کەریم: چاوەڕوانی من لە کۆنگرەی چوارهەم تەنها ئەوەیە کە لە وەلامی پرسیاری یەکەمدا هیناومەو لە ڕوانگەی منەوە کۆنگرەم بۆ دابینکردنی ئەو رابەرییە دەویت کە توانای ئەوەی هەیە وەکو فۆنکسیۆنیك کار بکات، واتە بەعنوانی هەیئەت یان کۆمیتەکی جێکەوتە کاربکات، ئەمە تەوەرەی سەرەکی من‌و چاوەڕوانی منە لەم کۆنگرەیە. لەراستیدا من چاوەڕوانییەکی لەوە زیاترم نیە. دیارە دابینکردنی ئەم رابەرییە، بە بروای من دەرگا دەکاتەوە بۆ بردنە پێشەوەی گشت لایەنەکانی هەلسورانی سیاسی‌و ریکخراوەیی حزب لە هەموو ئاستەکاندا.

بەم پێیە، ئەگەر کۆنگرە بتوانێت ئەم رابەرییە دابین بکات، بەبروای من حزبی دوای کۆنگرە جیاوازی دەبیت لە حزبی پێش کۆنگرە، لە باری ریکخراوەییەوە بگرە تا باری سیاسی‌و وەلامدانەوە بەکێشە سیاسیەکان لەباری پراتیکەوە. بەتایبەت من پیم وایە کە پێویستە زۆربەی زۆری هیزەکانی حزب وە رابەری هەلبژاردە تەرخان بکەین بۆ بەهیز کردن‌و ریکخستنی کۆنگرەی ئازادی عێراق کە لەمبارەوە رابەری ئێستا کەموکوریمان زۆر بووە.

ئۆکتۆبەر: دەلێی جگەلە"دابینکردنی رابەریەکی جێکەوتە"چاوەڕوانیەکی زیاترت لە کۆنگرە نییە. ئایا مەبەستت لە رابەریەکە کە لەناو عێراق تەمەرکوزی کردبێت؟ کۆنگرە چۆن دەتوانێت ئەم رابەریە دابینبکات، ئایا تەنها بە هەلبژاردن‌و دانانی کەسانێك کە لەناووەوەن ئەمە مەیسەر دەبێت؟ ئایا لەدوای کۆنگرەی (3)وە هیچ مەسائیل‌و پێشهات‌و گرێوگۆلێك نەهاتۆتە پێشەوە کە پێویست بکات حیزب لەکۆنگرەدا قسەی لەسەر بکات‌و سیاسەتی خۆی بۆ داببڕێژێت؟

سامان کەریم: پێکهێنان‌و دابینکردنی فۆنکسیۆنی"هەیئە"رابەری حزب لە راستیدا چاوەروانی منە لەم کۆنگرەیە، ئەمە مانای وایە هیچ باس‌و مەسائیلیکی سیاسی تیدا نایەتە پێشەوە. من پیم وایە باسی هەلومەرجی سیاسی عێراق‌و کوردستان‌و بریارنامەیەك لەمبارەوە پێویستە، دیسان ژمارەیەك لە بریارمان پێویستە بۆ توندو تۆلکردنی حزبیەت‌و لیکهەلپیکانی فۆنکسۆنە حزبیەکان، ئەم دوو مەسەلەیە بۆمن جدین‌و گرینگن‌وپیویستە کۆنگرە لەبارەیانەوە باس بکات‌و بریاری هەبێت. بەلام خۆتان دەزانن هەر کۆنگرەیەك لە کۆنگرەکانی حزب لە هەلومەرجیکی دیاریکراوی بزوتنەوەکەمان‌و حزب‌و هەرەوەها وەزعیەتی سیاسی کۆمەلگادا دەبەسترێت، من پیم وایە بۆ تەجاوزکردنی کۆسپو گرێوگۆلەکانی ئێستای حزب بە دابینکردنی فۆنکسیۆنی رابەرییەوە بەندە، لە هەمانکاتدا دەکریت سەرەتایەك بیت بۆ بینای حزبیکی سیاسی، واتە ناتوانین حزبیکی سیاسی بەتوانا پیك بهێنین ئەگەر لەبناغەوە بەهرەمەند نەبین لەم فۆنکسیۆنانەو لە ئاستی بەرز لە حزبیەت، بەم پێیە ئەوەی کە کۆنگرەی چوارهەمی حزبی پیدەناسریتەوە یان پێویستە پێی بناسریتەوە لە ڕوانگەی منەوە پیکهینانی ئەو فۆنکسیۆنانەیە نەك هیچ شتێکی دیکە سەرەرای پێویستی بونیان هەروەکو ئاماژەم پیکرد.

**ئەم باسە بە بروای من بۆ ئیمە باسیکی سیاسی جدییە، لەهەمانکاتدا پەیوەندی هەیە بە بینای هەیکەلی سازماندەیی حزبەوە کە پیویستە لە پیشەوەیان رابەرییەکەی بیت، بۆیە باسی من باسی پیکهینانی فۆنکسیۆنە نەك ئەوەی لە "عیراقدا تەمەرکوز" بکات. با کەمیك ئەم باسە زیاتر رۆشن بکەمەوە. من دەلیم ئەوە پیویستی ئیستای حزب‌و بزوتنەوەکەیە، بەبێ دابینکردنی ئەم فۆنکسیۆنانە من پیم وانیە کاریك بڕواتە پیشەو. دیارە لەم باسەدا بۆ ئیمە "عیراق" تەنها جوگرافیایەك نییە وەکو جوگرافیایی هەر وولاتیکی دیکە، ئەرکی ئیمە ئالوگۆڕپیدانی هەلومەرجی**

مەوجودە بە قازانجی کۆمۆنیزم‌و بیناکردنی کۆمەلگایەکی ئازادو یەکسان لەسایەی حکومەتێکی کرێکاریی‌دا، مەیدانی ئیمە کۆمەلگای عیراق‌و چینی کریکارە لە عیراق. بەلام ئایا ئەم باسە باسی خارج‌و داخلە یان باسی تەمەرکوزە لە عێراق؟! کە هەمیشە لە نیو ئێمەدا باسیك بوە. بەبڕوای من نا، وپەیوەندی بە باسی لەم جۆرەوە نیە، بەتایبەت دەکرێت زۆر باسی سیاسی لە سایەی ئەم خارج‌و داخلەدا بێتە پێشەوە کە هیچ پەیوەندی بەو خارج داخلەوە نییەو بەم پێیەش ئەوە بکریتە چوارچێوەیەك بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتی جۆاروجۆرو زەربەمان لێ بدات. باسی من ئەوەیە پێویستی حزب بەم فۆنکسیۆنانەو بە تایبەت فۆنکسیۆنی رابەری ئیتر ناتوانین بەبێ وەلام بەسەریدا بڕۆین. ئەمە باسێکە بۆمن کە پێویستی بە ئینسجامیکی سیاسی‌و یەکیتی ئیرادەیەکی گەورەیە هەیە و لەروانگەی منەوە ئەمە سەرەتای هەنگاوێکە بۆ بینای حزبیکی سیاسی، وە خارجو داخلێك نایەتە پێشەوە با ئەم باسە زیاتر رۆشن بکەینەوە.

کۆنگرە جیگایەکە نوینەرانی حزب‌و بەم مانایە هەموو حزب بەمانا ریکخراوەییەکەی تیایدا کۆدەبێتەوەو بڕیار دەدات، وەك بەرزترین دەسەلاتی حزب. لەم روانگەیەوە بەلی کۆنگرە دەتوانیت وەلام بەم مەسەلەیە بداتەوە. بەلام ئەم مەسەلەیە بە دەنگدان دابیننا‌کریت، واتە ئەوە دەنگدان نییە کە دەتوانێت رابەرییەك پیکبهێنت کە دەتوانێت فۆنکسیۆنەکانی حزب‌و لەوانە رابەری دابین بکات، خودی دەنگدان پرۆسێسێکی سیاسیەو بە مانایەك ئەنجامە نەك بناغەی دابینکردنی رابەرییەك. ئەم باسە زیاتر تێگەیشتی سیاسی نوێنەرانی حزب‌و هاوڕابونیانە لەسەر دابینکردنی رابەرییەکی لەم چەشنە، کە لەئیستاوە ئیمە دەستمان پێکردوە بەهۆی بلاوکراوەی تایبەت بە کۆنگرەی چوارهەمەوە. فۆنکسیۆنی رابەری لە روانگەی منەوە هەر کۆبونەوەی جەمعیك نیە، بەلکو لایەنی کەمی ئاستێکە کەئەم رابەرییە پێویستە ل‌ێی بەهرەمەند بیت، کە: بەدوای بیناکردنی فۆنکسیۆنی رابەری، جێخستنی گشت فۆنکسیۆنەکانی حزب‌و بردنە پێشەوە بە پراتیك دەرهینانی گشت بریارە حزبیەکانە لە هەموو ئاستەکاندا، بیناکردنی حزبە لەباری ریکخراوەیی‌و هەروەها چەکدارکردنی کادرانی حزبە لە ئاستێکی فراواندا بە فکرو ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی وسیاسەتەکانی حزب، ئەمە بەجیا لەوەی کە کۆنگرەی ئازادی عیراق پێویستی بەوەهەیە کە بەخیرایی بە ناونیشانی هێزیکی قودرەتمەند گەشە بکات، کە لەمبارەوە نەخشەی دیاریکراوو پراتیکی خیراو ودابینکردنی بەشی فراوانی رابەریمان پیویستە. کەواتە تێگەیشتن‌و هاورابون‌و ئینسجامی جەمعی یان زۆربەی زۆری نوینەرانە لەسەر بینا کردنی حزبیکی لەم چەشنە. ئەگەر ئاوا بڕوانین بۆ ئەم پێداویستی‌یە، ئەوکات هەلبژاردنی رابەرییەك کەئەم سیمایەی هەبیت کاری هێجگار گران نییەو خارج‌و داخلیش نیە.

لە نیوان کۆنگرەی 3و چوارهەمی ئیمەدا ئالۆگۆریکی گەورەی سیاسی لە ئاستی جیهانی‌و ناوچەیی‌و عیراقی دا روویانداوە... بەش بەحالی خۆمان وەکو حزب و هاورێیانی مەکتەب سیاسی لەمبارەوە قسەیان کردوەو نوسیویانە. هەر لەم روانگەیەوەیە کە من دەلیم پێویستە بریارنامەیەکی سیاسی‌مان هەبێت سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی عیراقو کوردستان. بەلی ئالوگۆری گەورە رویانداوە، لەمبارەوە پێویستی بەخۆ ئامادەکردنی ئیمە هەیە، من زۆر خەمی بڕیارو بڕیارنامەم نیە، ئەوە بەکۆسپیك نابینم لەبەردەم چونە پێشەوەی حزبدا.